**بەش؛ باخچەی منداڵان**

**کۆلێژ؛ پەروەردەی بنەڕەتی**

**زانکۆ؛ سەلاحەدین-هەولێر**

**بابەت؛ پەروەردەی فرەیی** *DIVERSITY EDUCATION*

**پەرتووکی کۆرس؛ قۆناغی دووەم**

**کۆرس؛ کۆرسی یەکەم**

**ناوی مامۆستا؛ د. ئەردەلان لەتیف عەبدولقادر**

**ساڵی خوێندن؛ ٢٠٢٣-٢٠٢٤**

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | **پەروەردەی فرەیی** |
| 2. ناوی مامۆستای | **د. ئەردەلان لەتیف عەبدولقادر** |
| 3. بەش/ کۆلێژ | **باخچەی منداڵان، پەروەردەی بنەڕەتی/ ز. سەڵاحەدین-هەولێر** |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل: ardalan.abdulqader@su.edu.krd<br><br>ژمارەی تەلەفۆن: 07504561291 |
| 5. یەکەی خوێندن(بە سەعات)لە هەفتەیەکدا | تیۆری: ٢سعات |
| 6. ژمارەی کارکردن | 10 |
| 7. کۆدی کۆرس | BE1206 |
| 8. پرۆفایلی ئەکادیمی مامۆستا | ✓ ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەدەستهێناوە لە کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر.<br>✓ ساڵی ٢٠١١ بڕوانامەی ماستەر لە پەروەردەی کۆمەڵایەتی(Social Pedagogy)، بەدەستهێناوە لە کۆلیژی زانستە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکان، زانکۆی پەروەردەیی حکومی خارکۆڤ-ئۆکرابنا.<br>✓ ساڵی ٢٠١٢ دامەزراندن، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر.<br>✓ ساڵی ٢٠١٢ نازناوی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر) لە زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر.<br>✓ ساڵی ٢٠٢٠ بڕوانامەی دکتۆرا لە پسپۆڕی سیاسەتی زانستە پەروەردەییەکان (pedagogical sciences policy)، بەدەستهێناوە لە کۆلێژی زانستە پەروەردەیی و دەروونیەکان، زانکۆی ئەریۆلی حکومی- ڕوسیای فیدڕاڵ.<br>✓ ساڵی ٢٠٢٠ نازناوی زانستی (مامۆستا) لە زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر.<br>✓ مامۆستا لە بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر. |
| 9. وشە سەرەکیەکان | **چەمکی فرەیی، پێکەوە ژیان، دادگەری، لێبووردەیی، جیاکاری، ڕێزگرتنی خودی، ناسنامەی کۆمەڵایەتی، فرە کلتوری، ڕەگەز...** |

## 10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس؛

گرنگی ئەم کۆرسە لە خستنە رووی پێناسە و ئامانج و تایبەتمەندییەکانی پەروەردەیی فرەیی[التربیة التعددیة-Diversity Education )ە. لە ڕوانگەی فەلسەفە و کۆمەڵناسی و پەروەردە و دەرونزانیەوە. تیۆر و ڕێڕەوی هزری هەریەک لە بنەمای سەرەکی بابەتەکانن لەم کۆرسە.

باس لە چۆنیەتی فرەیی دەکەین لە دەزگا کۆمەڵایەتیە دیارەکانی وەک؛ خێزان، شەقام(قوتابخانە و دەزگا فێرکاریەکان)، هۆیەکانی ڕاگەیاندن(ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ئینترنێت) و کاریگەری ئایین و پەرستگا. هەروەک باس لە کلتور و کاریگەری بەها کۆمەڵایەتیە پیادەکراوەکان ئەکەین بەگشتی لە کۆمەڵگە خۆمان بەتایبەتی. بەپێ ی دەرفەتی کات لەماوەی دیاریکراو بۆ وتنەوەی ئەو کۆرسە، کەموکوڕی و لایەنە نەرێنیەکانی گەشەپێدان و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دەخەینە ڕوو.

چەمکی فرەیی ڕاڤە دەکەین، ئاوڕێک لە مێژووی خۆمان دەدەینەوە دەربارەی پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی، ئایینی و نەژادیی. هەروەها تیشک دەخەینە سەر دابەشکاری ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی ژن و پیاو لە خێزان بەتایبەتی و لە کۆمەڵگە بەگشتی.

هەروەها باس لە گرنگی پێکەوەژیان، لێبووردەیی کۆمەڵایەتی و جیاوازییە ڕەگەزییەکان دەکەین لەڕوانگەی کلتوری ئایینی و کارلێکە ژیارییەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە.

هەموو ئەم باسانە و لایەنەکانی تری فرەیی بەهاوکاری فێرخوازان لە پۆلدا قابیلی گفتوگۆ و لێ توێژینەوەن. لەبەر ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لەو کۆرسە فێرخواز تەواو ئاشنابێ بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ جیاوازییە کلتوریی و کۆمەڵایەتییەکان تا بتوانێ وەک پەروەردەکار سەرکەوتووبێ و شیاوی کار لەسەر پێگەیاندنی نەوەی داهاتوو بکات.

## 11. ئامانجەکانی کۆرس؛

ئاشناکردنی فێرخوازانە بە چۆنیەتی ئەو گۆڕانکاریەی بەسەر مرۆڤدا دێت لەژێر کاریگەری کلتور، پەروەردەی کۆمەڵایەتی و کارلێکە سیاسییەکانەوە، کە لە پرۆسەی قبوڵکردنی ئەوانیترەوە خۆی دەبینێتەوە و پەروەردەی فرەیی (Diversity Education). لە سۆنگەی ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی دەرچووانی بەشی باخچەی منداڵانەوە، هەوڵ دەدەین ڕاڤەی چەمکی فرەیی و چۆنیەتی پەروەردەکردنی نەوەی داهاتوو لەسەر هەڵکردن لەگەڵ جیاوازییە ڕەگەزیی، نەژادی و کلتوری ئایینیەکانەوە کار بکات.

پەروەردەیی فرەیی یارمەتی خودی تاک(قوتابی) دەدات بۆ ئاشنابوون بە چەمکە فەلسەفی، کۆمەڵناسی و دەرونزانییەکان، بەتایبەت لەسەر بەهێزکردنی شوناسی خودێتی کەسی خۆی(Personality)،وە لەسەر ئاستی ئاسۆیی کۆمەڵگە و شوناسی کەسیەتی خۆی(Identity). ئەمە یارمەتی دەدات لە چۆنیەتی گونجانی خودی و گونجانی کۆمەڵایەتی. چونکە مرۆڤ سەرەتا دەبێ گونجانی خودی بەدەستبهێنێ، دواتر بەسەرکەوتوویی دەتوانێ گونجاویی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەوانیتر بەدەستبهێنێ سەرەڕای جیاوازییە کلتوری، ئایینی، نەژادی و ڕەگەزییەکانی.

هەروەک ئەمانە، فێرخواز بۆ ژیانی تایبەتی خۆشی وەک دایکێک لەداهاتودا (لەبەر ئەوەی تەواوی فێرخوازانی بەشی باخچە، کچ )ن، سود وەردەگرێ لە پراکتیک کردنی تیۆر و هەنگاوە زانستیەکان لە پەروەردەیی فرەیی.

## 12. ئەرکەکانی قوتابی؛

ئەرکەکانی فێرخوا پێکدێن لە: ئامادەبون لە پۆل، بەشداریکردنی گفتوگۆ و پرسیارکردن لەسەر ناوەڕۆکی بابەت و پرسەکان، ئامادەکردنی ڕاپۆرت و پێشکەشکردنی لە پۆلدا.

## 13. ڕێگەی وانەوتنەوە؛

دیارترین ڕیگاکانی وانەوتنەوە لەم کۆرسە بەپێ ی سروشتی بابەتی پەروەردەی فـرەیی، بریتین لە:

- ڕێگای گفتوگۆ،
- ڕێگای پرسیار و وەڵام.

بەکارهێنانی وایت بۆرد، داتاشۆ، نیشاندانی کورتە فیلم و بەڵگە فیلم دەربارەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان.

## 14. سیستەمی هەڵسەنگاندن؛

- 10 نمرە بۆ چالاکی ناو پۆل،
- 30 نمرە بۆ تاقیکردنەوەی کۆششی وەرزی،
- 20 لەسەر چالاکی ڕاپۆرت و پیشکەشکردنی،
- 40 نمرە بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی کۆرس.

## 15. دەرئەنجامەکانی فێربوون

پەیامی سەرەکی ئەم کۆرسە لەوەدایە کە فێرخواز دەتوانێ شارەزای دۆخی دەرونی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی و خێزانی خۆی و ئەوانیتر ببێت. چونکە پەروەردەی فـرەیی باس لە چۆنیەتی مامەڵەی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و کاریگەری ژیانی خێزانی، ئایین و ڕاگەیاندن و کلتوری کۆمەڵایەتی دەکات بەسەر کردەی بەیەکەوەژیانی کۆمەڵایەتی.

بۆ هەر پەروەردەکارێک کە لە باخچەکانی منداڵان کار دەکات، زۆر پێویستە ئاگاداری بنەماکانی پرۆسەی بە کۆمەڵایەتی بونی منداڵ بێ، لەم ڕوانگەیەوە خوێندنی کۆرسی پەروەردەی فرەیی پەیوەندێکی ڕاستەوانەی هەیە بە پێویستی و بازاڕی کار.

فێرخواز بەهۆی خوێندنی کۆرسی پەروەردەی فرەیی، شارەزایی وەردەگرێ و لە خۆیەوە و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی(عشوائی) مامەڵە لەگەڵ منداڵ نەکات، بەڵکو لە ڕێگای ڕەچاوکردنی جیاوازی ئایینی، کلتوری، نەژادی وڕەگەزی هەنگاو بنێ، کە بەهۆیەوە هەم دەبێتە پەروەردەکارێکی سەرکەوتوو و هەمیش دەتوانێ بەشێوەیکی زانستی و دوور لە تەقلیدی پەروەردەی خێزانی داخراوو، کار لەسەر بەکۆمەڵایەتی کردنی نەوەی نوێ بکات.

## 16. لیستی سەرچاوە


- سەمیر ئیبراهیم، کلتور و کۆمەڵگا، وەرگێڕانی عەبدوڵڵا مەحمود، سلێمانی ٢٠١١
- ڕەفیق سابیر، کلتور و ناسیۆنالیزم، سلێمانی ٢٠٠٣
- مەولود، ئەمیر، ڕۆژگار و ئەوانیتر، پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان، هەولێر ٢٠٢١
- د. ئادەم بێدار، هەمەچەشنی و فرەیی لە هەرێمی کوردستان، هەولێر ٢٠٢١
- ماتیلار ارمان، التنوع الثقافی و العولمە، ترجمە، خلیل احمد، بیروت-لبنان ٢٠٠٨
- د.عمر احمد همشری، مدخل الی التربیە، ط١، دار صفا للنشر و التوزیع، عمان-الاردن ٢٠٠١

| 17. بابەتەکان | هەفتەکان |
| --- | --- |
| ▪ چەمکی پەروەردەی فرەیی<br>- تایبەتمەندییەکانی پ. فرەیی<br>- ئامانجەکانی پ. فرەیی<br>- فرەیی لەڕوانگەی فەلسەفییەوە<br>- فرەیی لەڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە<br>- فرەیی لەڕوانگەی دەرونزانییەوە<br>- فرەیی لەڕوانگەی پەروەردەییەوە<br><br>▪ شێوازەکانی فرەیی<br>- گرنگی فرەیی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا<br>- لایەنەکانی پ. فرەیی<br>▪ ڕۆڵی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لە پ. فرەیی<br>1. خێـــزان:<br>2. باخچەی منداڵان:<br>3. قوتابخانە:<br>4. ڕاگەیاندن<br>5. پەرستگای ئایینی<br>▪ پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی<br>- گرنگی پێکەوەژیان و قبوڵکردنی جیاوازییەکان<br><br>▪ کارلێکی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی فرەیی لەڕووی:<br>- ئایینی<br>- نەتەوە و نەژاد<br>- بیروڕای سیاسی<br>- ڕەگەزی(مێیەتی و نێریەتی)<br>- خێزانیی<br><br>▪ فرەیی لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا<br><br>- جیهانگیری و پارێزگاری کردن لە کلتوری کۆمەڵایەتی<br>- شوناسی نیشتمانی<br>▪ فرەیی لە کلتورە جیاوازەکاندا | |

| | |
|---|---|
| 18. **بابەتی پراکتیک** | **ڕاپۆرت و شیکار** |

**19. تاقیکردنەوەکان**

**1. دارشتن:**

**2. راست وچەوت:**

**3. بژاردەی گونجاو:**

**20. تێبینی؛**

قوتابیان هەر بابەت و تیۆرییێکیان بە گونجاو زانی لە بواری پەروەردەی فرەییدا بیخەینە بەر باس و گفتوگۆکانمان، بەدڵنیاییەوە لەسەری دەوەستین و دەیگونجێنین لەگەڵ سیاسەتی کۆرسەکەمان و وەک بڕگەێکی سەرەکی مامەڵەی لەگەڵ دەکەین.

**21. پێداچوونەوەی هاوەڵ؛**